www.kurdistannet.org
3-12-2007 23:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەر هێرشکردنێک بۆ سەر هەرێمی کوردستان تورکیا دووچاری قەیرانێکی ناوخۆیی دەکاتەوە ... بەهرەوەر مەرزانی

بەدرێژایی مێژووی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن وڵاتە داگیرکەرەکانەوە گەلی کورد لەخەبات و تێکۆشان نەوەستاوە لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەیداو لەوپێناوەشدا بەهەزاران لەرۆڵەکانی بوونەتە قوربانی بەرگریکردن لەنیشتمان و نەتەوەکەیان، هەرچەندە داگیرکەران بەدڕندانەترین شێوە و بەدرێژایی ئەو مێژووە بەنوێترین تەکنۆلۆژیاو چەکی پێشکەوتوو لەهەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییماندا بوونەو لەهەموو قۆناغە جیا جیا کانیدشدا هاوەنگ و یەك هەڵوێست بوونە لەسەر قڕکردنی گەلەکەمان. بەڵام خۆڕاگری و وەرە بەرزی رۆڵەکانی گەلەکەمان هەموو پیلانەکانی داگیرکەرانیان تێکشاندووە.

ئەمڕۆ لەکاتێکدا تورکیا هەڕەشەی هێرشی سەربازی دەکات بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دەیەوێت کێشەی نیشتمان و نەتەوەیەك وەلاوەبنێت و پشێوی و ئاڵۆزی لەو بەشەی کوردستاندا دروست بکات کە زیاتر لە حەڤدە ساڵە بەخۆینی هەزاران لەرۆڵەکانی بەدیهاتووە، دەبی ئەوەش بزانێت کە بەبی چارەسەر کردنی کێشەی گەلەکەمان لەو وڵاتەدا هیچ کاتێك وڵاتەکەیان ئارامی بەخۆیەوە نابینێت چونکە گەلی کورد گەلێکی چاو نەترس و تێکرشەرەو ئامادەیە لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا قوربانی زیاتریش بدات، بەڵام هیچ کاتێك ئامادە نییە بەسەر شۆڕی بژێت و لەبەردەم هەڕەشەو خەونە نەزۆکەکانی داگیرکەراندا چۆك دابدات.

هەڕەشەکانی تورکیاو هەڵکردنی گلۆپی سەوز بۆ سوپا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە داگیرکەرە لەکاتێکدایە کە خەڵکی باشووری کوردستان لەژێر سایەی حکومەت و پەرلەمان و سەرکردەیەکی حەکیمی وەك سەرۆك بارزانی یەك دەنگ و یەك هەڵوێست خەریکی ئاوەدان کردنەوەی شارو شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستانن و ئامادەش نین دەست لەبستێکی خاکی نیشتمانەکەیان هەڵبگرن و لەهەوڵی گێڕانەوەی تەواوی ئەو ناوچانەدان کە رژێمی بەعسی روخاو لەرێگای تەعریب و کۆچپێکردنی بەزۆرە ملێی دانیشتوانەکانیان لەنیشتمانی دایك دابڕیون، ئەو ناوچانەی کە لەساڵی 1970 بارزانی نەمر سازشی لەسەر نەکردن و ئامادەبوو شۆڕش بباتەوە شاخ بەڵام دەست لەبستێکی خاکی نیشتمانەکەی هەڵنەگرێت.

بۆیە دەبی سەرانی دەوڵەتی فاشی تورك لەو راستییە باش تێبگەن کە ئەمڕۆ سەردەمی کەمالیستیەت و داگیرکردنی دەوڵەتان بەسەر چووەو رەوتی جیهان بەرەو ئاقارێکی تر رۆیشتووە، ئەمڕۆ سەردەمی سەرخۆبوون و ئازادی گەلانەو گەلی کوردیش وەکو هەموو گەلانی دونیا مافی خۆیەتی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت کە ئەمەش لەزۆربەی وتارەکانی سەرۆك بارزانیدا رەنگی داوەتەوە، بۆیە هەر هێرشکردنێك بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپای تورکیاوە ئەو وڵاتە بەرەو ئاقارێکی خراپ دەبات و کێشەکان لەنێو تورکیا گەورەترو زەقتر دەکاتەوە، بەمەش ئەو وڵاتە دووچاری قەیرانێکی گەورەتر دەکاتەوە لەوەی کەهەیە.

Bahrawar_s@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.